# مەرج و روکنەکانی نوێژی مردوو

[ بە کوردی ]

# شروط وأحكام صلاة الجنازة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : مامۆستا کەمال مەلا موحەمەد بۆسکینی

المؤلف : كمال ملا محمد بوسكيني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# مەرج و روكنەكانى نوێژى مردوو

یەكەم: مەرجەكانى نوێژى مردوو

بۆ نوێژى مردوو دوو جۆر مەرج پێویستە :

جۆرى یەكەم: ئەو مەرجانەى لەنوێژگەر(المصلّي)دا بەمەرج گیراون:

ئەو مەرجانەش هەمان ئەو مەرجانەن كەلەنوێژەئاساییەكاندا بەمەرج گیراون جگەلەكات، كەبریتین لەمانەى خوارەوە:

1- پاك و خاوێنى و دەست نوێژ گرتن(الطهارة).

2- ڕوو كردنەقیبلە(استقبال القبلە).

3 - داپۆشینى عەورەت(ستر العورة).

4 - نیەت هێنان(النيّة)، لاي ئەو زانایانەى بەمەرجیان داناوە (١).

جۆرى دوەم: ئەو مەرجانەى لەمردو (المصلّى علیە)ەكەدا بەمەرج گیراون:

1 - مسوڵمانێتى، واتا: مردوەكەمسوڵمان بێت

2- پاكى ، واتا: مردوەكەشۆردرابێت

ئەو دو مەرجەزانایان بەگشتى لەسەرى كۆكن (2).

3 - كفن كردن .

4 - مردوەكەئامادە(حاضر) بێت، ئەگەر لەهەمان شاربێت كەنوێژى لێ لەسەر دەكرێت.

ئەو مەرجەش ڕاى زۆربەى زانایانە، بەڵامحەنەفیەكان و مالكیەكانبەموتڵەقى حازر بونى مردوو بەمەرج دەگرن ، مردوەكەلە هەمان شار بێت یان نا( واتا: بەدروستى نازانن نوێژى غائیب لەسەر مردوو بكرێت ) (3).

5 - لانی کەم حازر بوونی زوربەی لاشەی مردوەکەلای مەزهەبی حەنەفی و مالیکی ( 4) ، وەحازر بوونی بەشێك لەلاشەی مردوەکەلەلای مەزهەبی شافیعی و حەنبەلی ( 5 ).

6 - مردوەکەشەهید نەبێت لەجەنگی مسوڵمانان لەگەڵ بێ باوەڕان.

ئەو مەرجەش ڕای جەماوەری زانایانە ( ٦ ) ، جگەلەحەنەفیەکان کەڕایان وایەشەهید نوێژی لەسەر دەکرێت وەك باقی مردوی مسوڵمانان ( 7 ).

7 - ئەگەر مردوەکەمنداڵي لەبارچوو بوو دواي کەوتنەخوارەوەی گیانی بەبەردا کرابێت، نیشانەشي لێ دەرکەوێت، وةك گريان يان پشمین ... ئەو مەرجەش ڕای جەماوەری زانایانە ( ٨ ).

کۆمەڵێکیش لەزانیان ڕایان وایەمنداڵی لەبار چوو نوێژی لەسەر دەکرێت مادام بەزیندوویی لەدایك بێت با نەشگریێ یان نەشپشمێ مادام چوار مانگ لەسکی دایکیدا مابێتەوەکەلەو ماوەیەدا گیانی بەبەردا دەکرێت، هەر وەك لەفەرموودەی پێغەمبەر - صلّی الله علیه وسلم- دا هاتوە ( ٩ ).

دووەم: روکنەکانی نوێژی مردوو

زانایان لەسەر دو ڕوکن لەڕوکنەکانی نوێژی مردوو ڕێك کەوتوون کەبریتین لەڕاوەستان بەپێ وە، و چوار تەکبیرەکان، وەلەباقی ڕوکنەکانی تردا ڕای جیاوازیان هەیە.

وەڕای چوار مەزهەبەکان لەڕوکنەکانی نوێژی مردوو بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەکەم: ڕوکنەکانی نوێژی مردوو لای حەنەفیەکان دوو شتن : ئەویش، ڕاوەستان بەپێ وە، و چوار تەکبیرەکانن (10).

وە ابن الهمامی خاوەنی کیتابی (فتح القدیر) دوعاشی بەڕوکن داناوەچونکەحەقیقەتی نوێژی مردوو دوعایە (11) .

دوەم: ڕوکنەکانی نوێژی مردوو لای مالیکیەکان پێنج شتن:

ئەوانیش ئەمانەن: نیەت هێنان، وراوەستان بەپێ وە ،و چوار تەکبیرەکان، و دوعا کردن بۆ مردوو، و سەلام دانەوە (12) .

سێیەم: ڕوکنەکانی نوێژی مردوو لای حەنبەلیەکان شەش شتن:

ئەوانیش ئەمانەن: ڕاوەستان بەپێ وە ،و چوار تەكبیرەكان، و خوێندنی سورەی فاتیحە، و صەلەوات دان لەسەر پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلّم- و دوعا كردن بۆ مردوو، و سەلام دانەوە (١٣).

چوارەم: ڕوكنەكانی نوێژی مردوو لای شافیعیەكان حەوت شتن:

ئەوانیش ئەمانەن: نیەت هێنان، وراوەستان بەپێ وە ،و چوار تەكبیرەكان، و خوێندنی سورەی فاتیحە، و صەلەوات دان لەسەر پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلّم- و دوعا كردن بۆ مردوو، و سەلام دانەوە (14).

كۆتایی

تا ئاڵقەی داهاتو بەخوای گەورەتان دەسپێرم.

جومادی دوەمی ساڵی 1429 كۆچی

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوەكان:

(1) پروانە:بدائع الصنائع( 345/2)، وحاشیەی ابن عابدین ( 103/3)، وبداية المجتهدص(203)، ومواهب الجليل( 4/3)، وبلغة السالك( 373/1)، ومغني المحتاج(344/1)، والروض المربع(96/3) و منار السبيل(294/1).

(2) پروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(3) پروانە:بدائع الصنائع( 338/2)، وفتح القدير ( 117/2)، ومواهب الجليل( 4/3)، وحاشية الدسوقي(678/1) ، المهذب( 439/1)، والمجموع(150/5)، والمغني(446/3)، والمبدع(257/2).

(4) پروانە:بدائع الصنائع( 337/2)، وحاشية الطحطاوي ( 378/1)، والشرح الكبير(426/1)، وبلغة السالك(373/1) .

(5) پروانە:الحاوي( 32/3)، والمجموع( 152/5)، والفروع( 198/2)، والإنصاف(536/2)، ومنار السبيل(294/1).

(6) پروانە: الذخيرة( 452/2)، والشرح الكبير( 646/1)، المهذب( 441/1)، والمجموع(158/5)، والمبدع(234/2)، والإنصاف(500/2).

(7) پروانە: المبسوط(49/2-50)، وبدائع الصنائع(367/2، 369).

(8) الأوسط في السنن والإجماع(403/5)، وبدائع الصنائع(337/2)، وعمدة القاري(176/8)، وحاشية ابن عابدين(103/3)، وبداية المجتهد ص(201)، والحاوي(30/3)، والمهذب(440/1) والمغني(458/3)، والمبدع(239/2) .

(9) الأوسط في السنن والإجماع(403/5)، وعمدة القاري(176/8)، والمهذب(440/1) والمغني( 458/3)، والمبدع( 239/2) ، والإنصاف( 405/2)، وكشاف القناع(101/2).

(10) يروانه: فتح القدير(118/2)، وحاشيهى ابن عابدين (105/3) .

(11) يروانه: فتح القدير(118/2) .

(12) يروانه: الشرح الكبير(652/1-656)، وحاشية الدسوقي(678/1) .

(13) شرح منتهى الإرادات(114/2)، ومنار السبيل(294/1).

(14) كفاية الأخيار(102/1-103)، ومغني المحتاج(344/1)،